ΕΛΛΗΝΙΚΗ ΔΗΜΟΚΡΑΤΙΑ
Υπουργείο Μετανάστευσης & Ασύλου

کـــــۆمـــــاری یـــــۆنـــان

(ئـێـلـێـنـیـکـی دیمۆکـراتـیـا)

وەزارەتی کـــۆچ و پـەنـابـەری

ئـەســینـا، ١٩ ی ئۆکتۆبەر ٢٠٢٠

**ڕاگــەیــانـدراوی فـەرمـی**

**پـلاتــفـۆرمـی ئـەلـیـکـتـرۆنـی دەزگای پەنابەری کارا و پتەو دەبێت، یەکجارەکی وادە (مەوعید) ی ئەلیکترۆنی دەخاتە خزمەتگوزاری خەڵك**

**وەزارەتی کـۆچ و پـــەنـــابـــەری بە خزمەتگوزاریە تـازەکانی پـۆرتـاڵی دیـجـیـتـاڵی**

**(** applications.migration.gov.gr ).

لە بەیانیەوە، سێشەممە ٢٠ . ١٠ . ٢٠٢٠، ئەو توانایە دەداتە پەناخوازان کە وادەکانیان بە ئەلیکترۆنی وەرگرن، وەهەروەها دەزگای پەنابەری دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە لەمەودوا بەیەکجاری تەنیا پاش وەرگرتنی وادەی ئەلیکترۆنی کاروبارەکانی خەڵك جێبەجێ دەکات.

هەرخۆیشی، بەتەواوی ئەوانەی خوارەوە بە وادە جێبەجێ دەبن:

چاوپێکەوتنە بەرنامەڕێژکراوەکان

تۆمـارکـردنە بەرنامەڕێژکراوەکان

پێشکەشکردنی بەڵگەنامەکان سەبارەت بە کەیسی بەیەکگەیشتنەوەی خێزانی ( کەیسەکانی دبلن )

ناوازە، ڕێپێدراوە بۆ پێشکەشکردنی داوای تێـهـەڵـچوونەوە (ئیستیئناف)، لەبەرئەوەی مەودای ماوەکەی سنووردارە

لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی کاروبارەکان هەر لە مانگی شەشی ٢٠٢٠ وە بە ئەلیکترۆنی جێبەجێ دەبن، بەبێ هیچ ئامادەبونێکی کەسەکە خۆی لەوێدا، وەکو:

گۆڕینی ژمارەی پەیوەندیکردن

گۆڕینی ناو و بەڵگەی ناسنامە

ΕΛΛΗΝΙΚΗ ΔΗΜΟΚΡΑΤΙΑ
Υπουργείο Μετανάστευσης & Ασύλου

داواکاری دواخستن/ داواکاری پێشخستن بۆ چاوپێکەوتن

بەڵگەنامەی باری پرسی پەناخوازێتی

بەڵگەنامەی جیاکردنەوەی فایلەکان

بەڵگەنامەی ڕادەستکردنی نووسراو و بەڵگە

بەڵگەنامەی پێدانی لەبەرگیراوەکان ( کۆپیەکان )

داوای پشتگیری یاسایی

داواکردنی پـا یـپـا - ΠΑΑΥΠΑ ( ژمارەی کاتی بیمەی تەندروستی )

هەروەها، بۆ فشار کەمکردنەوە لەسەر کاروبارەکان، ڕەوایەتی کارای کارتی پەناخوازی پاراستنی نێودەوڵەتی ( سێبەرگە ) درێژکراوەتەوە لە ٢ ی مانگی ١١ ی ٢٠٢٠ تاکو ١٤ ی مانگی ١ ی ٢٠٢١، بەگوێرەی ژمارە کۆتایی کەیسەکەی.